# بروسکەیەك
# لەفاتیمەوە بۆ جەمال غەمبار!!

دەقی: ئیدریس عەلی

بەر لەکوشتنم..

بەر لەوەی خۆم بەفێنکی بایەکی ئێوارە بناسێنم

بەر لەوەی هەتاو

تەرم کات بەغوربەت

کات دڕەنگ کەوت بۆ سەما،

بەر لەوەی باخچە سەوزو

پارکە بەجریوەکانی ئەویٚ لەچاومان بنوون،

کۆڵانە تەنگەکانی یاری

دڕەنگ بوون بۆ خەندە رووخاوەکانی هیوا..

سپێدە دڕاوەکانی کتێب

درەنگ بوون

بۆ چنینەوەی پیتە ساکارەکانی سەعادەت،

بەر لەکوشتنم..

بەر لەوەی شەو کراسە

قەترانیەکەی دایکم بپۆشیٚ

مانگ ناوەخت کەوت

لەگلێنە رووناکەکانی ماچدا..

بەرلەوەی قریشکەم

بگاتە گوێی سۆفیەکان

ویژدانی کۆترە (بیانیە)کانی ئەوێی داخورپان..

بەر لەوەی دووایین هاوارم رقی پیرۆزی باوکم بیٚو

جەستەی خوێناویم

لەژێر سەمای تریفەیی

دار پرتەقاڵیەکانی ئەوێدا راکشیٚ..

من خۆم هەموو شیعرو

گۆرانیەکانی چەقۆم ئەزبەر کردبوو،

من خۆم دڵم بۆ سەوزەڵانی

ئازاری ئەم رۆحە ژەنگ گرتووە بازکردبوو

وای.. دەمزانی ئەم ئاگرە لەمنا دەباری!!

ئاخر شیعر..

دەمێ ساڵە فێری کردووم

لەدرزی پەنجەرە تاریکەکانی ئەوێوە

چاو لەفڕینی بێ نیازی هیوا ببڕم،

ئاخر شیعر..

دەمێ پایزە فێری کردووم

دەستو پەنجەی خەونەکانم

بەهەڵوەرین نەرم بکەم،

ئاخر شیعر..

دەمێ مەرگە رای هێناوم

گۆڕێک بۆ ژن ئاوەدان کەم،

ئاخر شیعر..

دەمێ عەشقە گۆشی کردووم

دەستەکانم مەشخەڵی ئازادیو

چاوەکانم شارای گوڵی

یەکسانی بێت

( جەمال غەمبار شیعرێکی بۆ فاتیمە لەئالای ئازادی بلاوکردەوە )

سەرنج: ئەم هۆنراوەیە لەژمارە ( ٢ )ی رۆژنامەی ( پیرەر )دا بلاوکراوەتەوە.